# چرکەکان لەچاوەڕوانیدا ناوەستن

زولەیخا



تەمەننا شلۆقی نەکردووم
لە ئێستادام
فریای هەڵگرتنی جوانی
لەڕۆحما
ناکەوم
دەمەوێ
چاوم پڕکەم لە ویتە.
وەک ئەوەی پڕبووبم
لەنوور
وەک ئەوەی خودا تیشکێکی گرتبێتە دڵم
وەک دەروێشەکانی ڕومی
بە جلێکی سپییەوە
سەما دەکەم
سەما، تا گەیشتن بە وەجد
سەما...
تا دڵ لە تاریکی، ڕۆح لە نهێنی خۆی
ئازاد دەبێ.

ئەی خۆر
تۆ
پەلەی ئاوابوونتەو
من نامەوێ ئەم ڕۆژە ئاوا سادە تێپەڕێ
نامەوێ لەحزەکان وا ئاسان تێپەڕن.
خۆڵ دەبارێ



ئێوارە بەرگێکیدی دەکاتە بەر هەموو شتێ
خەونەکانم
لەو ڕەنگە پرتەقاڵییەی خۆڵ بارینا
شێتانە دەڕژێتە سەرمەوە.

تیشکی خۆر دێتە ژوورەکەم
کۆتایی هەفتەیەو
ژوورەکەم وەک ئەوەی پاشماوەی جەنگ بێ
شێواوە،
سەر لەنوێ ئامادەم
بۆ دەستپێکردنەوە.

هەر بەو سادەییە تامکردنی ژیان
دوادەخەم
تا هاتنی پێنج شەممەیەک
تا کڕینی کراسێکی ئاودامانی بنەوشەیی
تا کاتی ئاوابوونی خۆر.
لەزەتبردن دەبەستمەوە
بە هەڵاتنی خۆر
بە چاوەڕوانی...
بە ژماردنی ڕۆژەکان
تا وادەی داکردنی بارانێک.

لەزەتبردن لەجوانی دوادەخەم
تا کاتی هاتنەوەی کەسێک لە سەفەر،
تا دەرکەوتنی کەوانەی مانگ،
تا دایسانی ڕووناکی کزی ئەستێرەکان،
تا ڕوانین



له بالآی شاری به گلۆپ داپۆشراو،
تا گوێگرتن لەدەنگە هێمنەکانی شەو،
له پێکەنینی منداڵ
جوانیی دەبەستمەوە
به گرتنی دەستی کەسێک
له پیاسە.
شتانێک لەناومدان
دەستمدەگرن و
بۆ سەرزەمینێکی دی دەمبەن
لەوێدا ڕەنگە من غەریبەیەکی دڵپڕبم،
ڕەنگە ئەوکات بەدڵێکی نوێوە بگەڕێمەوە،
ئەوکات ڕەنگە لەزەتبردن میقات نەکەم
تا هاتنی شەو،
تا بیستنی خوڕەی بارینی باران،
تا دایسانی ڕووناکی کزی ئەستێرەکان،
ئەوکات ڕەنگە پڕبووبم
له شتانێک
که چاوم هەمیشه کراوه بهێڵنەوە،
که هەموو لەحزەیەک لەسەرپێ ڕامگرن
لەبەردەم جوانیدا،
ئەوکات ڕەنگە هەناسەدان بەس بێ
بۆ بینین.